www.kurdistannet.org
1-5-2007 20:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆرانیەک بۆ ((دوعا)) پێشکەشە بە گوڵە باخەکان (ڕزگار و کانی هەڵەبجەیی) ... ئارام ئەکرەم

دوعا چاوم بۆت پڕ لە ئەسرینە
سینەی سوتاوم بۆت پڕ گرینە
لەبەرچاومی بەڕۆژو بە شەو
لە تاوت چاوم ناکەوێتە خەو
ئەو بەردەی کەوا خوێنی تۆی پڕان
ڕۆح و جەستەمی هێناوەتە ژان
ئاگات لەچیە؟ بخەوە، خەو خۆش
مەرگت وا دونیای هێناوەتە جۆش
لەسایەی مرۆڤ دۆستانی ئەمڕۆ
خوێنی پاکی تۆ ناڕوا بە فیرۆ
بخەوە هێمای عەشق و دڵداری
تۆ موژدە بەخشی، ئاسۆی ڕزگاری
بەخوێنت دەرگای واز دەبێ ئەوین
ڕێگایەکی تر دێتە پێش بۆ ژین
ڕێگایەک بەرەو دونیای ڕوناکی
پڕ خۆشەویستی پڕ پڕ لە پاکی

aram. aram@freenet. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.